سەرۆکی حکیم چاوی بە سیستەمی دکتۆریت و هاوکارییەکانی میسر لە پاڵپشتی کردنی کێشەی فەلەستین بەرز دەنرخێنێت



لە سەرەتای سەردانەکەی بۆ کەماری عەرەبی میسر، بەڕێز عەمار حکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بۆ بەڕێز فەخامەتی عەبدولفەتاح سیسی سەرکی میسر و بەڕێزیان لەم چاوپێکەوتنە گرنگە ستایشی هاوکارییەکانی ئازایانەی میسریان کرد لە پاڵپشتی کردنی دەسەڵاتی فەلەستینی و نەچوونە ژێر بیاری گواستنەوەی فەلەستینییەکان و دەستگرتن بە خاکی فەلەستین وەك خاکێکی شەرعی ئەوان.

لەم دیدارە باس لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان نێوان هەردوو وڵاتی برا کرا، بە تایبەتی لە بواری پەڕەپێدان و ئاوەدانکردنەوە، سەرۆکایەتی ستایشی حکومەتی عێراقی کرد لە پێشکێشکردنی کار ئاسانی بۆ کۆمپانیا میسرییەکان تا سەختییەکانی بەردەم ئەو کۆمپانیایانە نەهێڵێت کە ڕووی باشیان لە کارکردن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی عێراق هەبووە.

لەووی هەردەمی سەرۆکایەتی سووربوونی عێراقی ئاگەیاند لەسەر هێشتنەوەی سەقامگیری ناوچەکە و هەنگاو نان بەرەو نەهێشتنی ناکۆکییەکان و لێك نزیککردنەوەی بەچوونی نێیارانی ناوچەکە، ئاوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر سەقامگیری و پێشکەوتنی ناوچەکە دەبێت، سەرۆکایەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە گەلی سووریا ڕێگای پێ بدرێت بۆ خۆی ئازادانە داهاتووی خۆی دیاری بکات، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر پاڵپشتی کردنی دامودەزگای لوبنانییەکان و لوبنانیش لە ململانێیەکان و سافکردنی حیسابەکان.

سەرۆکایەتی بایەخی خۆی دەربڕی کە پێویستە لووتکەی عەرەبی ئاسایی کە بیارە چەند مانگێکی دیکە لە بەغدا بکرێت سەرکەوتوو بێت، هەروەها گوتیشی دەبێت بنەماکانی هاریکاری عەرەبی هاوبەش بدەزرێتەوە بۆ ئاوەی کامڵبوونی ئابووری و سیاسی عەرەبی هەبێت لەنێو ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی ڕوویانداوە، بەتایبەتی گەر بزانین کە ناوچەکەی عەرەبی پڕە سامانی مرۆیی و سروشتی و پێگەیەکی ستراتیژیشی هەیە کە وادەکات بتوانێت بەباشی کابرێکان ئیدارە بدات و داهاتوو و چانسی باش بۆ گەلە عەرەبییە بەدەزکان دابین بکات.